ئاسایش باندکی دزیکردنی ئۆتۆمبێل دەستگیر دەکات

دژگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی باندکی دزیکردنی ئۆتۆمبێل رادەگەیەنێت کە ژنێک سەرکایەتی کردووون و شەش ئۆتۆمبێلیان دزیوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لە راگەیەندراوەکدا کە کۆپیەکی دەستی ئاژانسی (موتەبع)کەوتووە ئاماژە بۆئەوەدەکات: "بەهاوکاری ئاسایشی رۆژئاوای سلێمانی و بەشی ئاسایشی قەزاو ناحیەکان, توانیان (٨)تۆمەتباری دزیکردنی ئۆتۆمبێل دەستگیربکەن و (٤) ئۆتۆمبێلیان بگەڕێنێتەوە بە خاوەنەکەی".

لە راگەیەندراوەکەدا ئاوێش خراوەتەوو: "بەبەیاری دادوەر (٨) تۆمەتبار لە ٢٠٢٤/٢/٢٩ دەستگیرکران، کە (٦) ئۆتۆمبێلیان دزیوە لەجۆرەکانی مازدا و BMW، ویستویانە لەسنوری قەزای چەمچەماڵ ساغی بکەنەوە، هەروەها ژنێک سەرپەرشتی باندەکەی کردووە، لەئێستادا سەرجەم تۆمەتباران بە ماددەی (٤٤٣) لەیاسای سزادانی عیراقی راگیراون و بەپێی دەرئەنجامی لەکۆڵینەوە و پشکنینەکان دەرکەوت کە بەکارهێنەری ماددەی هەشبەرن".